گەل ڕۆژی
ROJI GEL
هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاری کوردستان دەری دەکات
ژمارە (١٧٨) یەکشەممە ٢٠٠٧/٥/١٣

## نیۆیۆرک تایمز: بە ملیاران دۆلار دزی لە نەوتی عێراق دەکرێ

ڕۆژنامەی **نیۆیۆرک تایمز** لە ژمارەی دوێنی خۆیدا باسی لەو دزی و گەندەڵیانە کردووە کە بەدرێژایی چوار ساڵی رابردوو لە کەرتی نەوتی عێراقدا کراون. بە پێی لێکدانەوەکانی رۆژنامەکە رۆژانە زیاتر لە ١٠ ملیۆن دۆلار دزی کراوە، چونکە لە جیاتی ١٥ ملیۆن تەنیا ئاماژە بە ٥ ملیۆن کراوە، بەوهۆیەشەوە بە ملیاران دۆلارلە داهاتی دەوڵەت بە فیرۆ چووە.

ڕۆژنامەکە پشتی بە رەشنووسی ئەو راپۆرتە بەستووە کە نووسینگەی لێپێچینەوەی حکومەتی ئەمریکا ئامادەی کردووەو لەوانەیە لەم هەفتەیەدا بڵاو بکرێتەوە، بەگوێرەی ئەو راپۆرتە ١٠٠ تا ٣٠٠ هەزار بەرمیل دیار نامێنێ ، بەهۆی کردەوە تیرۆریستیەکانەوە چاوپۆشی لێدەکرێ و بە فیڕۆ دەچێ، ئەمەش بە زیانی خەڵکەکەی تەواو دەبێ.

# ئەمریکا، کۆنگرەی گەل و ئەنسار سوننە و موجاهیدینی خەڵکی ئێران بە تیرۆریست دادەنێ

وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لیستی ئەو رێکخراوانەی بڵاوکردەوە کە ئەو بە تیرۆریستیان دادەنێ.

لەو لیستەی کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بڵاوی کردۆتەوە، ناوی هەریەکە لە کۆنگرەی گەل، ئەنسار سوننەو موجاهیدینی خەڵکی ئێرانی تێدایە.

کۆنگرەی گەل کە درێژەپێدەری پارتی کرێکارانی کوردستانە و بۆ وەدەستهێنانی مافی کورد دژ بە رژێمی تورکیا خەباتی چەکداری دەکات، لە لێدوانێکدا ئەو تۆمەتە رەت دەکاتەوەو لیستەکە بە بێ ویژدانانە وەسف دەکات و بە نارەوای دەزانی کە ٤٠ ملیۆن کورد بە تیرۆرسیت بناسرێ !

لەلایەکی دیکەشەوەتۆنی سنۆ وتەبێژی کۆشکی سپی ئەمریکا رۆژی ٨-٥-٢٠٠٧ رایگەیاند کە ئەوان وەکو تورکیا لەو کێشانە نیگەرانن کە پارتی کرێکارانی کوردستان دروستیان کردووەو لە کوردستانی ئازادەوە هێرش دەکەنە سەر تورکیا.

ئەوەی شیاوی باسە ئەمریکا وەک دۆست و هاوپەیمانی تورکیا دەیەوێ گوشارەکانی سەر تورکیا کەم بکاتەوە، بەوهۆیەوە هاوکاری لەگەڵ تورکیادا دەکات و دەیەوێ کێشەی پەکەکەی لە کۆڵ بکاتەوە، بەڵام بۆ ئاڵۆزنەکردنی باشووری کوردستان ریگەی پێنادات لەشکرکێشی بکات و دژ بە گەریلاکانی پەکەکە بجەنگێ.

## ڕۆژنامەوانان پشتیوانی لە ئاسۆ جەمال دەکەن و کێشەکەی رەوانەی UN دەکەن



کاتژمێر نزیکەی ٢١ی رۆژی ٧-٥-٢٠٠٧ چەند کەسێکی نەناسراوی دەمامکدراو لەنێو شاری سلێمانیدا هێرش دەکەنە سەر رۆژنامەوان ( ئاسۆ جەمال موختار)ی بەرێوەبەری کەناڵی تەلەفزیۆنی پەروەردە کە لە شاری سلێمانیەوە پەخش دەکرێ.

زانیاریەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئاسۆ جەمال موختار ئازار و ئەشکەنجە دراو، پەلامەردەرەکانیش بێ ئەوەی دەستگیر بکرێن دەربازیان بووە، بەوهۆیەوە کۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەوان لە رایگەیاندراوێکدا ئەم تاوانەیان ریسوا کردووەو نووسیویانە: ئێمە لە کۆمیتەی بەرگری لە رۆنامەوانانی کوردستان ئەم کردووەیە ڕسوا دەکەین و دەسەڵاتی کوردی بە بەرپرسیار دەزانین لە پاراستنی رۆژنامەوان و ئاشکرا کردنی تاوانباران ، ئێمە بە چاوی گومانەوە سەیری ڕۆداوەکە دەکەین بەتایبەت چونکە ئەو ڕۆداوە لە دوای ڕۆداوێکی تری هاوچەشنی هات لە شاری هەولێر تیایدا ڕۆژنامەوانێکی تر بە هەمان شێوە ئەشکەنجەداربوو. کۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەوانانی کوردستان ئەم ڕۆداوە لە نزیکەوە هەڵدەسەنگێنێت و بە بەڵگەوە ئاراستەی لایەنەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی پاراستنی ڕۆژنامەوانان دەکات.

بەوهۆیەوە کۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەوانانی کوردستان رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیان لەم کێشانەدا ئاگادار کردۆتەوەو لێیان خواستوون کە گوشار دەکاربێنی و هەوڵی پاراستنی گیانی رۆژنامەوانانی کوردستان بدات کە ماوەیەکە دووچاری ئازارو ئەشکەنجەدان و لێدان دەبنەوەو سووکایەتیان پێدەکرێ.

## ئەلقاعیدە بەرپرسیارێتی تەقینەوەکەی هەولێر لە ئەستۆ دەگرێ

**ماڵپەری رزگاری:** گرووپێک بەناوی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق کە سەر بە رێکخراوی ئەلقاعیدەیە لە راگەیاندراوێکدا کە بۆ زۆربەی ماڵپەرە کوردیەکان رەوانەیان کردووە، بەرپرسیارێتی خۆی لە تەقینەوەکەی رۆژی ٩ی ئایاری شاری هەولێر راگەیاندووە کە تێیدا ١٤ کەس شەهید و ١٢٦ کەسی دیکەش بریندار ببوون.

لەو راگەیاندراوەدا دەوڵەتی ئیسلامی عێراق هەڕەشە لە کورد دەکات و رادەگەیەنێ کە ئەو کردوەیە وەڵامدانەوەی رەوانەکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە بۆ شاری بەغداد، بەوهۆیەوە دەخوازێ کە چیترپێشمەرگە رەوانەی شارەکانی عێرق نەکرێن.

لەراگەیاندراوەکەدا جەخت کراوەتەوە تا یەکەکانی هێزی پێشمەرگە لە بەغداد بمێننەوە ئەوان درێژە بە کردەوە خۆکوژیەکان دەدەن.

لەلایەکی دیکەوە زانیاریەکانی ئاسایشی هەولێر ئاشکرایان کرد کە تەقینەوەکەی بەردەم وەزارەتی ناوەخۆی شاری هەولێر لە رێگەی کوردێکەوە ئەنجام دراوە کە ماڵەکەیان لە گەرەکی نەورۆزی شاری هەولێرە، ئێستا براو خزمانی ئەو کەسە دەستگیراکراون کە کردەوە خۆکوژیەکەی ئەنجام داوە. تەنانەت دراوسێکانی ئەو ماڵە گەواهی ئەوەیان داوە کە چەند رۆژێک ئەو کامیۆنە لەبەردەم ماڵی خۆ کوژەکەدا راگیراوە ، بەڵام کەس گومانی تەقینەوەی لێنەکردووە.

## چەکدارەکانی ئەنسار ئیسلام لە دەشتی کۆیە جەولە دەکەن

**هەواڵەکان:** بەگوێرەی گوتەی دانیشتووانی گوندەکانی دەوروبەی شاری کۆیە، مەفرەزەیەکی ئەنسار ئیسلام لە ناوچەکەدا جەولە دەکەن.

زانیاریەکان جەخت دەکەنەوە کە مەفرەزەیەکی ئەنسار ئیسلام کە ئەمیرەکەیان ناوی حاکم شەعبانەو خەڵکی گوندی بایزاغای ناوچەکەیە.

دەنگۆی ئەوە هەیە کە شەوی ١١-٥-٢٠٠٧ پێنج چەکداری ئەنسار ئیسلام چوونەتە گوندی گۆمەشین و خۆیان بە خەڵکە پیشانداوە، رۆژی دوایی لایەنە پەیوەندارەکان ئاگادار کراونەتەوەوە مەفرەزەیەکی تایبەتیان بۆ سۆراخ کردنیان رەوانەی ناوچەکە کردووە.

زانیاریەکانی بەرێوەبەرێتی ئاسایش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە چەکدارەکانی ئەنسار ئیسلام لە نێوان گوندی ئۆمەر گونبەت و سماقولی جەولەیان کردووە، بەوهۆیەشەوە مەفرەزە تایبەتیەکەی ئاسایش راسپێردراون لەو شوێنەدا چاودێری بکەن و بەدوای ئەنسار ئیسلامدا بگەڕێن.

لەلایەکی دیکەشەوە دەنگۆی ئەوە هەیە کە چەکدارەکانی ئەنسار بەرەو دەشتی هەولێر رۆیشتوون، بەڵام ئەم دەنگۆیە سەرراست نەکراوەتەوە. ئەمە وێڕای ئەوەی کە بەردەوام چەکدارەکانی ئەنسار لە شاخەکانی هەورامان دەبینرێن.

## سلێمانێ :تەرمی ئافرەتێک دەدۆزرێتەوە

ئێوارەی رۆژی ١١-٥-٢٠٠٧ تەرمەی ژنێکی کوژراو لەسەر شاخی گۆیژەدا دەدۆزرێتەوە.

هەواڵەکان لەزاری هێزەکانی ناوەخۆوە ئاشکرایان کرد کە مەفرەزەیەکی هاوبەشی ئاسایش و پۆلیسی شاری سلێمانی بەمەبەستی گەڕان چوونەتە سەر شاخی گوێژە، لە ناوچەی هەروتە تەرمی ژنێکیان دۆزیوەتەوە کە بەگوللە کوژراوە.

زانیاریەکان جەخت دەکەنەوە کە ژنەکە تەمەنی لەنێوان ٢٠ تا ٢٤ ساڵان دەبێ، فیشەکێک لە کەللە سەری دراوەو لەنێوچەوانیەوە دەرچووە، بەوهۆیەوە گیانی لێسەندراوەتەوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان تەرمەکە هیچ ناسنامەی لەگەڵدا نەبووە، بەوهۆیەشەوە نەناسراوەتەوە، بەڵام گومان لەوە دەکرێ کە خەڵکی ناوچەکە بێ و لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتیەوە کوژرابێ.

ئەوەی شیاوی باسە بەهۆی کوشتنی ژنان و تۆمەتبارکردنیان بە کێشەی ناموسەوە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان رەخنە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرن و لێی دەخوازن کە شێلگیرانەتر گیانی ژنانی کوردستان بپارێزێ و ئەو کەسانەش سزا بدات کە بەبیانۆی نامۆسەوە ژنان دەکوژن .

## ڕۆژەڤ

دیسان دەستی تیرۆر گەیشتە شاری هەولێرو ژمارەیەک کەس بوونە قوربانی خواستەکانی ئەوانەی کە دەیانەوێ بە تۆقاندن گەلەکەمان بە کۆیلەو ژێردەستەیی بمێنێتەوەو رێگە لەبەردەم جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ بگیرێ و سیاسەتی بەعەرەبکردن بە دیفاکتۆ بکرێ.

سیاسەتی ترساندن و تۆقاندن بە درێژایی مێژوو لەبەرانبەر سەربەخۆخوازان و ئازادیخوازن تاقی کراوەتەوەو ناکام ماوەتەوە، بەڵام ئایا ئێمەی کوردستانی ناتوانین باشتر پاسەوانی لە کوردستانی ئازادکراو بکەین؟!

راستە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە پاسەوانی لەسەر و گیانی کوردستانیان بکات، بەڵام بۆ ئەوەی رەوشی وڵات ئاڵۆزتر نەبێ و هێمنایەتی تێک نەچێ، ئەرکی وڵاتپارێز و دڵسۆزانی گەلەکەمانە کە شێلگیرانە بۆ ناساندن و دەستگیرکردنی ئەوانەی رایەڵە بۆ تیرۆریستان دروست دەکەن و چاوساغیان دەکەن، هاوکاری لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا بکەن. حکومەتی هەرێمیش ئەگەر مەبەستیەتی جەماوەر داکۆکی لێبکات و هاوکاری بێ، دەبێ چاو بەخۆی دابخشێنێتەوە و رەخنە لە خۆی بگرێ، چیتر هێزەکانی ناوەخۆ بۆ ئەندامانی حزب قۆرخ نەکات.

حکومەتی هەرێم بەهۆی ئەوەی درزێکی گەورەی لەنێوان خۆی و جەماوەردا دروست کردووە، ئیدی ناحەزانی گەلەکەمان زۆر بە ئاسانی لەو درزەوە دزە دەکەن و کەسانی سادەو کاڵفام بەلای خۆیان رادەکێشن و لەبەرژەوەندی ئامانجەکانی خۆیاندا دەکاریان دەهێنن، بەو هۆیەشەوە گورز لە گەلەکەمان دەوەشێنن و زیانی پێدەگەیەنن.

بۆ ئەوەی درز لە نێوان حکومەت و جەماوەر بەرتەسک بکرێتەوە باشتروایە ئیتر بیر لە خەمەکانی جەماوەر بکرێتەوەودەرگەی دامەزراندن بە رووی هەموو کەسێک ئاوەڵا بکرێ، هەروەها لیپێچینەوە لەگەڵ ئەوانەشدا بکرێ کە بێباک و کەمتەرخەمانە ئەرکەکانی خۆیان فەرامۆش دەکەن .

ئەم تەقینەوانەی کوردستان لە هەر وڵاتێکی دیکەدا روویان دابایە، یەکسەر بەرپرسە پەیوەندارەکان ناچار دەکران دەست لە کار بکێشنەوە و رێگەیان پێنەدەرا بێنە بەردەم کامێراکان و باسی پاراستنی ئاسایش و ریشەکێش کردنی تیرۆریان بکردبایە، بەڵام بەهۆی ئەوەی دەستەڵاتی حزب بەسەر حکومەت باڵاترە ئیدی بەرپرسەکان لە شوێنی خۆیاندا دەمێننەوەو لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکرێ.

ئەمە یەکەمین جار نیە کە تیرۆریستان بە ئاسانی دەرفەت وەردەگرن و گۆمی ئارامی کوردستان دەشلەقێنن، ئەمە یەکەمین جار نیە کە شەپۆلی ترس و تۆقاندن رەوانەی کوردستان دەکرێتەوە، ئەمە یەکەمین جار نیە کە بەرپرسان سۆز و بەڵێن دەدەن و دەرەقەتی قسەکانی خۆیان نایەن و بەڵێنەکانی خۆیان لەبیر دەچێتەوە، بۆیە باشتروایە کە بەرلەوەی دەنگی نارەزایی خەڵک بەرز بێتەوە و ئاسایشی زیاتر بخوازێ، حکومەت بۆ خۆی بەرپرسانی کەمتەرخەم رەوانەی ماڵێ بکاتەوەو پۆستەکانیان لێ بسێنێتەوە، ئەرکی پاراستنی شارەکان بە کەسانی دڵسۆز، شارەزا، پسپۆڕ و لێهاتوو بسپێرێ، چونکە ئاسایش و ئارامی لە پێشەوەی هەموو خواستەکانی دیکەدا ریزبەندی کراون.

## کارتال مان دەگرێ



پەرلەمانتاری پێشووی DEP و جێگری ئێستای کۆنگرەی گەل، رەمزی کارتال بەمەبەستی نارەزایی دەربڕین لە پێوەندی ژەهراویکردنی رێزدار عەبدوڵڵا ئۆجەلان دا ماوەی ٣٢ رۆژە لە ستراسبۆرگ لەبەردەم دادگەی مافی مرۆڤی ئەوروپادا لەگەڵ هەژدە کەسی دیکە مانیان لە خواردن گرتووە.

رەمزی کارتال دەرچووی زانکۆیە، پیشەی پزیشکی ددانە و تێکۆشەرێکی ناسراوی گەلەکەمانە، لەگەڵ ژمارەیەک کورددا دەستی بە ظالاکی مان گرتن لە خواردن کردووە، خۆی ١٨ کەس مان گرتنی تەواو ئەنجام دەدەن، بەڵام ٧٥ کەسی دیکە وەک پشتیوانیکردن لەوان بە ئاسایی درێژە بەمان گرتنەکە دەدەن و رۆژانە سەردانیان دەکەن.



بەدەستکارییەوە وەرگیراوە

لەم ژمارەیەدا

ل٣
بەرەی گۆڕان تەقینەوەکەی هەولێر ریسوا دەکات

ل٥
گەر ئێزدی کورد نەبان پیلان دژی وان نەدبون

ل٧
تارق هاشمیش شەکرەکەی خۆی شکاند